https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.10

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دیمەنە سەربازییەکانی سەر پشتێنە برۆنزییەکانی ئورارتی
# (سەدەی ٩ تا سەرەتای سەدەی ٦ پ.ز.)

نەسرین خواکەرەم عەولحامد        پ. ی. د. دڵشاد عزیز مارف

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

ئورارتییەکان لە ماوەی سەدەی نۆیەم تا سەدەی شەشەمی پێش زاین وەک گەلێکی دێرینی ناوچە چیاییەکانی سێگۆشەی نێوان دەریاچەی وان و ورمێ و ڕواندز توانییان سنووری دەسەڵاتیان فراوانبکەن و لە شانشینێکی بچووکەوە دەوڵەتێکی بەهێز دروستبکەن و ببنە ڕکابەری سەرەکیی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری. ئەم دەوڵەتە بەهێزە پشتی بە سەربازییەکی بەهێز و قەڵای بەهێز و کەرەستەی سەربازیی تایبەت بەستبوو.

شانشینی ئورارتو زۆر گرنگییان بە لایەنی سەربازی و چەک و سوپا و جلوبەرگی سەربازی داوە. یەکێک لەو کەلوپەلە سەربازییانەی کە جەنگاوەرانی ئورارتو و بە تایبەت سەرکردەکان دەیانپۆشی پشتێنێکی کانزایی بوو، کە زۆرتر لە برۆنز دروستدەکرا، ئەم پشتێنە برۆنزییانە پان بوون، هەروەها ڕازێندراونەتەوە بە چەندین دیمەنی سەربازی و جەنگی. ئەم توێژینەوەیە لەم پشتێنە ئورارتویە برۆنزییانە دەکۆڵێتەوە و دیمەنە سەربازییەکان و جۆری چەک و جلوبەرگ و گالیسکە و کەلوپەلە سەربازییەکان شیدەکاتەوە و وردەکاری و بەراوردکارییەکانی ئەم دیمەنە سەربازییانە لەگەڵ بەڵگە هونەری و شوێنەوارییەکانی ئورارتو و ناوچەکانی دراوسێی بەراورددەکات.

**وشە کلیلییەکان:** ئورارتو، پشتێن، برۆنز، دیمەنە سەربازییەکان، چەک.

## دیمەنە سەربازییەکانی سەر پشتێنە برۆنزییەکانی ئورارتی

## (سەدەی ٩ تا سەرەتای سەدەی ٦ پ.ز.)

### پێشەکی

ئورارتییەکان یەکێکن لە دیارترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی دێرین لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز. و نیوەی یەکەمی پ. ز.دا، خاکی شانشینی ئورارتو سنوورە جوگرافییەکانی ئێستای بەشێکی زۆری باکوور و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی لەخۆگرتبوو، جگە لە بەشێک لە ئەرمینیا و ئازەربایجان، کە سنوورەکانی لە ڕووبارەکانی ئاڤا ڕەش (قەرەسوو) و فوراتەوە لە ڕۆژئاواوە درێژبووەوە، تا دەگاتە گڕکانەکانە بەرزاییەکانی ئەرمینیا و حەوزی دەریاچەی سیڤان و گیلدەر لە باکوور، و حەوزی دەریاچەی ورمێ لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، و چیای زاگرۆس لە ڕۆژهەڵات، لە باشوور سنوورەکانی درێژبووەوە بۆ ناوچەی ڕەواندوز، کە پێشنیازدەکرێت شوێنی یەکەم پایتەختی ئورارتی بێت، کە شاری ئەرزاشکۆنە. دەروانرێتە (Marf 2015,130; عقراوي ٤٤,٢٠١٥, Barnett,1982,322; ) (دەڕواندرێتە خشتەی ژمارە(١)).

جەنگاوەرانی ئوراڕتو جۆرێک لە پشتێنێکی کانزایی قەبارە گەورەیان بەکارهێناوە، بێگومان بە پلەی یەکەم پەیوەست بووە بە لایەنی سەربازییەوە، تەنانەت ئەگەر ڕاوچییەک یان بازرگانێکیش بەستبێتی و خەنجەر و شمشێرەکەی پێدا هەڵواسیبێت هەر بۆ خۆپارێزی و بەرگری بووە. دۆزینەوەی ئەم پشتێنانە لە نێو بەڵگە شوێنەوارییەکاندا، ئاماژەیە بە بەڵگەیەکی شوێنەواری و هونەری گرنگی مادی، خۆشبەختانە ئەم پشتێنانە لە چەرم و مادەی ئەندامی دروستنەکراون، ئەگەرنا بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی ئاوهەوا لەناودەچوون، بەڵام چونکە لە کانزا

دروستکراون بەشێکی زۆریان وەک بەڵگەیەکی شوێنەواریی گرنگ ماونەتەوە.

ئەم پشتێنانە لەلایەن دانیشتوانی وڵاتی ئورارتوە، چ پیاو و چ ژن بەکارهێندراون، چونکە بەشێکی دانەبڕاوبووە لە جلوبەرگەکانیان، چ لە ژیانی ڕۆژانەدا یاخود سەربازیدا، بە واتایەکی تر بەشێکی گرنگ بووە لە نەریتی جلوبەرگیان، وەک لە دیمەنە هونەرییەکانیشدا بە ڕوونی دیارە بە تایبەت لە نەخشە هونەرییەکانی سەر پشتێنەکان خۆیاندا، هەروەها لە دیمەنە هونەرییە ئاشوورییەکانیشدا لە کاتی وێناکردنی جەنگاوەرانی ئورارتودا دیمەنی جەنگاوەرانی ئورارتو و پشتێنەکانیان دەبینین، بۆ نموونە لە دیمەنەکانی سەر دەروازە برۆنزییەکەی شاری بەلاواتی نزیک نەمرود کە بۆ سەردەمی ئاشورناسرپاڵی دووەم و شالمانیسەری سێیەمی ئاشوری دەگەڕێتەوە دیمەنی جەنگاوەرانی ئورارتوی دەبینین، کە ئەم پشتێنانەیان بەستووە.

ئورارتییەکان پشتێنەکانیان بە شێوەیەکی فراوان  بە چەندین نەخشی جۆراوجۆر دەرازاندەوە کە دیمەنەکانیان لە سروشت و شێوازی ژیانی سەربازی و ڕۆژانەیانەوە سەرچاوە دەگرن، شایانی باسە پێشتر چەند توێژینەوەیەک لەسەر پشتێنی ئورارتی کراوە بە زمانە بیانییەکان لەلایەن توێژەران  کێلنێر (Kellner)، چاوەشئوغلۆ (Çavuşoğlu)  دێ بێرستیان (De Brestian)، و سێدل  (Seidl) کە ئاماژەیان بە گرنگیی ئەو بابەتە داوە وەک بەشێکی جلوبەرگی ئورارتی، هەروەها گرنگییان بە دیمەنە هونەرییەکانی سەر ئەم پشتێنانە داوە، کە گوزارشت لە چەندین دیمەن دەکات، لەنێویاندا دیمەنی سەربازیی ئورارتی.

هەر لەو ڕوانگەیەوە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە خستنەڕووی پێداچوونەوەیەک و شیکردنەوە و بەراوردکردنی نەخشە هونەرییەکانی پشتێنەکانی ئورارتو، کە دیمەنی سەربازی هەڵگرتووە

لەگەڵ چەند توخمە هونەرێکی تریش کە لەناو ئەو بەڵگانەن کە لەبەردەستماندان. شایانی باسە کە پشتێنە برۆنزییەکان بە گشتی لەنێو دۆزینەوە گرنگەکانی شوێنەواردا بۆ ناسینی هونەری شارستانی دێرینی وەک شارستانیەتی شانشینی ئورارتو لە سەدەکانی (٩-٦پ. ز.) لەبەرچاودەگیرێن.

بە لێکۆڵینەوە لە دیمەنە سەربازییەکان، کە کاروانی سەربازی و جەنگی لەخۆگرتووە، دەتوانین لایەنێکی گرنگی دەستەی ڕێکخستنی سوپای ئورارتو لەگەڵ جۆری چەکەکانیان بزانین، ئەمە جگە لە دووبارەبوونەوەی دیمەنی ڕاوکردن و توخمە هونەرییەکانی تر، چ نەخشی ڕووەکی بێت یان ئاژەڵی، لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین بزانین هەندێک ڕەگەزی هونەری و جۆری چەک و شێوازی پشتێن بە درێژایی ئەم سێ سەدەیەی دەسەڵاتداری ئورارتییەکان تا چ ڕادەیەک بەردەوام بوون و چۆن لەگەڵ ئارەزووەکانی هونەرمەندی ئورارتو کە هەندێکیان پەیوەستە بە نەریتی ئورارتو لەلایەک و لەلایەکی تر، بە خودی سەردەمەکە وێناکراون، کاریگەریی هونەری و سەربازیی دراوسێکان لەسەریان تا چ ڕادەیەک بووە.

## پشتێنە برۆنزییە ئورارتییەکان

هەروەک ئاماژەمان پێدا ئەم پشتێنانە لە کانزای برۆنز دروستکراون، کە سەرچاوە سەرەکییەکانی لە سنووری ژێر دەسەڵاتی ئورارتییەکاندا زۆربوون وەک مس، بەڵام ناوچەکانی ئەنادۆڵ و ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی دراوسێش بە مادەی (تەنەکە) ئەوەندە دەوڵەمەند نەبووە کە بتوانێت پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی برۆنزی بە قەبارەیەکی گەورە دابینبکات، هەر بۆیە ئەوەی کە پێویست بوو بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلە برۆنزییەکان لەوانەش پشتێن، ڕەنگە لە ئەفغانستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاوردەی ئورارتو کرابێت (Belli,1991, 24).

پشتێنەکان لەلایەن جەنگاوەران و خەڵکی ئاسایی و تەنانەت ژنانیشەوە بەکارهێندراون قەبارەیان جیاوازە، بە تایبەت لە ڕووی پانییەوە، هەروەها دیمەنە هەڵکەندراوەکانی سەریشیان جیاوازبوون (Çavuşoğlu, 2014, 20). ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنها تیشک دەخەینە سەر دیمەنە سەربازییەکان.

یەکێک لە گرنگترین کەلوپەلە کانزاییەکانی ئورارتییەکان پشتێنە برۆنزییەکانیانن[١]، کە نموونەی زۆریان لێ دۆزراوەتەوە، پشتێنەکان دەوڵەمەندن بە چەندین نەخش و نیگاری هەمەجۆر کە سوودێکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن و ناساندنی هونەری کانزاکاری و دەرخستنی لایەنی سەربازی و هونەری شانشینی ئورارتو و پێشکەوتنی هونەری کانزاکاری لە ئورارتو (Kellner, (1991), 142). دۆمینیک کۆلۆن دەڵێت: "**لەوانەیە ئەم پشتێنە کانزاییانە کۆنترین نموونە بن لە ماوەی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا، کە لە باکوورەوە لە ناوچەکانی قەوقازەوە بڵاوبوونەتەوە** " (Collon, (1993) , 125).

جێی ئاماژەیە سەرهەڵدانی بەکارهێنانی پشتێن لە قەوقاز لە قۆناغێکی سەرەتاییدا لە چارەکی کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زایندا دەرکەوت، زۆربەی ئەم جۆرە پشتێنانە کە کاریگەری ناوچەکانی سوریا و حثییەکانی لەسەربووە لە گۆڕەکاندا دۆزرانەوە(Çavuşoğlu, 2014 ,18)

لەلایەکی ترەوە (چاوش ئۆغلۆ) پێیوایە کە هاتنی پشتێنی کانزایی بۆ وڵاتی ئەنادۆڵ لە هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە ڕوویداوە لە دەرئەنجامی پەیوەندیی بازرگانییەوە لەگەڵ میسۆپۆتامیا لە سەردەمی نشینگە بازرگانییە ئاشورییەکانەوە (١٩٥٠-١٧٥٠پ.ز.) ( Çavuşoğlu, 2014,16).

له ناو پاشماوەکانی گۆڕ و پەرستگاکانی ئوراڕتو پشتێنی برۆنزی دۆزراوەتەوە کە جۆرەها نەخشی لەسەرە، شایانی باسە لەناو لیستی تالانییەکانی شاری موساسیر و پەرستگەی خالدی لەو شارەدا، وشەیەکی ئاشوری بۆ پشتێن دەستنەکەوتووە و دیارینەکراوە، بۆیە دەکرێت ئەمانە بە بڕێکی زۆر وەک پاشکۆی جلی زرێپۆش و جلی پیرۆز هەبووبن (Kendall,( 1977),30).

دیارە ئەم جۆرە پشتێنانە تەنها تایبەتمەندییەکی جلوبەرگی سەربازی یان سەرکردەکانی ئوراڕتی نەبوون، بەڵکو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئوراڕتو ئەم پشتێنانەیان بەکارهێناوە و تەنانەت وەک کەلوپەلێکی تایبەتییان لەکاتی مردنیاندا پشتێنەکان لەگەڵ خاوەنەکانیان بەخاکسپێردراون (Kendall, (1977),30).

هەندێک لە پشتێنە برۆنزییەکان نوشتێندراونەتەوە و قەدکراون و لەناو گۆڕەکاندا داندراون، هەتا کەسی تر بەکارینەهێنێتەوە (Çavuşoğlu,2014,13). لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەیەکی تری مردووناشتنیان بەکارهێناوە، ئەویش ئەوەبووە کە لاشەی مردووەکەیان دەسووتاند، و دواتر خۆڵەمێشەکەی خراوەتە ناو گۆزەیەک یان کوپەیەکەوە و هەندێک لەو کەلوپەلانەش لەگەڵی دادەندرا و دەمەکەی دادەخرا، پاشان لەناو ژوور یاخود زەویدا دادەنرا (Çavuşoğlu, 2014,12). باشترین نموونە لەسەر ئەم جۆرە ڕێوڕەسمە، دۆزینەوەیەکی شوێنەواریی گرنگە کە لە کنەوپشکنینەکانی نزیک وان لە ئاڵتین تەپە دۆزرایەوە کە تیایدا مردووەکە بە پشتێنەکەیەوە سووتێنرابوو (Çavuşoğlu, 2014, 12).

دیمەنە نەخشێندراوەکانی سەر پشتێنەبرۆنزییەکان بە ڕێگەی پیاکێشانی قەڵەم و چەکوشی هونەری تایبەت لەسەر دیوی پێچەوانەی پشتێنەکەوە هەڵدەکەندران و لەژێریانەوە مادەی قیر دادەندرا بۆ ئەوەی

بە ئاسانی دیمەنەکە هەڵبکەندرێت و پشتێنە برۆنزییەکەش کون نەبێت (Collon ,(1993) ,125).

پشتێنەکان لێوارەکانیان کونی تێدایە، کە ئەمەش بە مەبەستی دوورینەوەی بووە بە پارچەی چەرم یاخود لبادەوە ( Collon, (1993) ,125). پێوەدوورینی لباد یان چەرم بۆ ئەوەبوو کە پشتێنە برۆنزییەکە سکی ئەو کەسەی لەبەری دەکات ئازارنەدات، هەروەها کانزای برۆنز سەرما و گەرما زوو وەردەگرێت، و لەبەرئەوە ئەو لبادە یاخود چەرمە دەبێتە پارێزەرێک بۆ لاشەی ئەو کەسەی کە پشتێنی برۆنزی لە گەرمای هاویندا و لە سەرمای زستاندا لەبەردەکات.

زۆربەی پشتێنەکان ئەڵقەی داخستن (ئاغزونە)یشیان لە لای ڕاستەوەیە لەو شوێنەدا لەلای پێشەوە کە پشتێنەکە دەسوورێتەوە و کۆتاییدێت، زۆر جار ئاغزونەکان بە شێوەی باڵندە کۆتاییدێت ( Collon, (1993) ,125). بە گشتی پێوانەی پشتێنەکان جۆراوجۆربوون، درێژییەکەیان لەنێوان (٧٠-١٢٠سم) و پانییەکەیان لەنێوان ٥.٥ -١٧سم (Çavuşoğlu, (2003),21)).

## دیمەنی سەربازی لە سەر پشتێنی ئورارتی:

پێدەچێت هەندێک لەم پشتێنانە تایبەت بن بە بەرگی سەربازانی ئورارتو، چونکە لەسەر دیمەنە هەڵکەندراوەکانی سەر پشتێنەکە وێنەی سەربازە ئورارتییەکان دەبینیرێت، کە کەمەریان شریتێکی پانی لەسەرە، هەرچەندە تەنها لە وێنە و دیمەنێکەوە ناتواندرێت جۆری مادەی پشتێنەکە دیاریبکرێت، و نازاندرێت کە ئەم پشتێنانە کانزایی بوون یاخود لە مادەی تر دروستکراون یاخود کەمەربەند بووبن (Rubinson , (2012),392).

شایانی باسە لە دیمەنی سەربازە ئورارتییەکاندا کە لە سەر توڵە برۆنزییەکانی دەروازەکانی شاری بەلاوات لە سەردەمی پاشای ئاشوری

شەلمانیسەری سێیەم هەڵکەندراون سەربازە ئوراڕتییەکان دەبینین کە پشتێنێکی پانیان لە کەمەریان بەستووە، بێگومان پشتێنی سەربازی کەمێک پێش ئەم سەردەمەش بەپێی بەڵگە شوێنەوارییەکان بەشێک بووە لە نەریتی جلوبەرگ، چونکە لە گۆڕستانە دوورەکان لە سەرەتای چاخی ئاسنین لە قەوقاز، گۆڕی پیاوان دۆزراونەتەوە کە پشتێنی کانزاییان بەنەخشی سادە لەبەردا بووە (Kendall, (1977), 32).


بەهۆی نەبوونی زانیاریی سەبارەت بە شوێنی دۆزینەوەی ئەو پشتێنانە گرفت بۆ توێژەران دروستدەکات، چونکە نموونەی کەم هەیە کە شوێنی دۆزینەوەکەیان زانرا بێت یاخود لەکاتی کنەوپشکنینی شوێنەواری لە ناوچەیەکی شوێنەواری ئوراڕتییەکاندا دۆزرابنەوە (Kellner ,(1991) ,142)

لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر کێڵنەر (Kellner) لە ساڵی 1991 پێڕستێکی بڵاوکردەوە بۆ ئەو پشتێنانەی کە توانیبووی لە مۆزەخانەکانی جیهان یان لە ئەنتیکەخانە تایبەتییەکان (Private Collections) لە توێژینەوەیەکی فراواندا کۆیانبکاتەوە، تیایدا ئەو پشتێنانەی دابەشکرد بەسەر دوانزە کۆمەڵەوە بەپێی جۆر و دیمەن و شێوەی هونەرییان (Kellner, (1991),142;Seidl,2004,133) .

کۆمەڵەی یەکەم بۆ (سەدەی هەشتەمی پێش زاین) دەگەڕێنەوە، پەیوەندی بە کۆمەڵەی دووەم هەیە کە زیاتر دیمەنی پشتێنەکانی سەربازی پیادەن، هەروەها پەیوەندی بە کۆمەڵەی سێهەمیش هەیە، کە بریتییە لە دیمەنەکانی پشتێنی سەرباز و ڕاوچی لە سەر ئەسپ و گالیسکە هەندێ جار دیمەنی جەنگ، لەسەریان هەڵکەندراوە سەردەمەکەی لە (٧٧٠-٧٤٠پ.ز.) دەگێڕیتەوە (Collon, (1993) ,125; Kellner ,(1991) ,142).

کۆمەڵەی چوارەم (نزیکەی٧٥٠پ-ز.) و پێنجەم هەندێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، وەک زیادکردنی ئاژەڵە ئەفسانەییەکان، کەوانەی باڵدار، هەروەها دوو دیمەن لە یەک پشتێندا دەردەکەون سەردەمەکەی لە (٧٤٠-٦٥٠پ-ز.) دەگەڕێتەوە Kellner,(1991),150; Collon, (1993) (,125)

نەخشەکانی سەر ئەو پشتێنانەی کە لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە زیاتر پەیوەندی بە ژیانی سەربازییەوە هەیە کە دیمەنی کەلوپەلی چەک و سوپای ئورارتو نیشاندەدەن. کێلنێر (Kellner) دیمەنەکانی گالیسکە و ئەسپسواری لەسەر پشتێنەکان بە کۆنترین کۆمەڵە داناوە، بۆ ئەمەش پشت بەو ڕاستییە دەبەستێت کە شێوازی گالیسکەی هەشت چەرخەیی لەگەڵ ئەو گالیسکانەی کە لەسەر پێکهاتە برۆنزییەکانی سەردەمی پاشای ئورارتی ئارگشتی یەکەم (٧٨٦-٧٦٤پ.ز.) گونجاوە، هەروەها وێنەی درەختی پیرۆز هەمان شێوازی وێنەی درەختی پیرۆزە کە لەسەر کڵاوە برۆنزییەکانی سەردەمی پاشایانی ئورارتو ئارگشتی یەکەم و ساردوری دووەم (٧٨٦-٧٦٤پ.ز.) هەڵکەندراون (Kellner,1991),142). (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە:١: آ-ب)).



أ




ب

وێنەی ژمارە(١ أ): پارچەیەک پشتێنێ برۆنزی سەردەمی ئورارتو لە مۆزەخانەی میونخ پارێزراوە، دیمەنی کاروانی گالیسکە و ئەسپسوارە ئورارتییەکان، وەرگیراوە لە:  (De Brestian,(2007),32,fig.7).

ب: پارچەیەک پشتێنی برۆنزی ئورارتو دیمەنی ئەسپسوار و گالیسکەی سەربازی و داری پیرۆز مۆزەخانەی ئەدەنە –تورکیا. (وەرگیراوە لە: (De Brestian,(2007), 32, fig.8 ).

شایانی باسە لە نەخشی سەر پشتێنەکاندا دیمەنی سەربازانی پیادەش بۆ کاروانی ئەسپسوارەکان و گالیسکەکان زیادکراون، وەک دیارە چەندین جۆر چەکیان هەڵگرتووە کە پێکهاتووە لە سەبەتە/تورەکەی تیردان، کەوان و ڕم و قەڵغانیشیان هەڵگرتووە، و شمشێریشیان  بە کەمەریانەوە هەڵواسیوە (Kellner, (1991) ,144)، هەروەک لە دیمەنەکانی سەر ئەم پارچە پشتێنەدا دەبینرێت (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە (٢أ)).



وێنەی ژمارە(٢أ): پارچەیەک لە پشتێنی برۆنزی لە مۆزەخانەی میونخ لە ئەڵمانیا پارێزراوە، لە سێ ڕیز دیمەن پێکهاتووە، یەکەم لە سەرەوە: کاروانێک لە

سوارچاکان لەسەر ئەسپ و عەرەبانەیەک نیشاندەدات. ڕیزی ناوەڕاست: کاروانێکی سەربازی پیادە بە کەلوپەل و کەرەستەی جەنگییەوە نیشاندەدات. ڕیزی سێیەمیان لە خوارەوە، ئاهەنگەکانی بوونەوەرە ئەفسانەییەکان بەدەوری داری پیرۆزدا نیشان دەدات. مۆزەخانەی میونخ وەرگیراوە لە(Kellner,(1991),144, fig.1).

شایانی باسە لە ڕێگای ئەم دیمەنانەوە دەتوانین زیاتر ئاشنابین بە یەکە شەڕکەرەکانی سوپای ئورارتو کە لە هێزی گالیسکە و هێزی پیادە و هێزی ئەسپسوار پێکدێن، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی هەمە جۆری کەلوپەلی جەنگی ئورارتو پیشاندەدات، کە بەهای هەر یەکەیان کەمتر نییە لەوەی تر، هەموویان بەیەکەوە لە مەیدانی جەنگدا بەکارهاتوون، وەک ئەوەی لە دیمەنێکی دیواربەندی هەڵکۆڵدراوی کۆشکەکەی ئاشوربانیپاڵ لە شاری نەینەوا دەبینرێت، کە دوو جانگاوەر بە ڕم شەڕ دەکەن، و لەهەمان کاتدا تیرهاوێژێک پارێزگاری لە جەنگاوەرەکەی هاوڕێی دەکات (Dezső, 2012, 22).

ئەوەی لێرە بەدیدەکرێت ئەوەیە کە جلی سەربازە پیادەکان بە دوو جۆر نەخشێندراون یان ئەوەتا لە بەرگێکی یەک پارچەیی پێکدێت یان جۆرە هێڵێکی تیایە وەکو پانتۆڵی کورت دەردەکەوێت. نمایشکردنی ئەم کەلوپەلانەی سوپای ئورارتو بە تەواوەتی پێچەوانەی هەندێ وێنەی دەروازەی برۆنزی بەلاواتی هونەری ئاشورییەکانە کە تیایدا نمایشی سەربازە ئورارتییەکان دەکات، کە تەنها ڕمێکیان پێیە. لە بەراورکردنێکی نێوان سوپای ئورارتو و ئاشوری لە دەروازەی بەلاوات، جۆن کورتس ( John Curtis) ئاماژە بەوە دەکات کە:**"...سوپای ئاشوری ئەسپ و گالیسکەی هەیە خۆشی چاک ئامادە کردووە بە سەبەتە/ تورەکەی تیر و کەواندان، بەڵام ئورارتییەکان تەنیا ڕمیان پێیە دەچێت مەبەستەکە**

**جەختکردنەوە بێت لەسەر سروشتی هەژار و کەم گەشەسەندنی سەربازی ئۆراڕتی**" (Curtis, (2012), 429).

لێرەدا ئێمە دەتوانین چەند تێبینییەک لەسەر ئەم بۆچوونەی جۆن کورتس بدەین سەبارەت بەو دیمەنانە و ئەو ڕاستییە بسەلمێن کە ئەم شانشینە لە بواری کەلوپەلی جەنگیدا زۆر دەوڵەمەند و پێشکەوتووبووە، لە کۆندا سوپای گەل و دەوڵەتەکان شێواز و جۆری چەکەکانیان جۆراوجۆربوون، لەبەرئەوە بەکارنەهێنانی تیروکەوان یان دەرنەکەوتنی لە دیمەنەکانی جەنگاوەرانی تیرهاوێژی ئوراڕتو واتای ئەوە نادات سوپای ئوراڕتو هەژار بوون، بەڵکو لەبەرئەوەی بوو کە لەو دیمەنانەدا دەرنەکەوتوون و نابێت تەنها پشت بەو دیمەنانەی کە لە سەرپشتێنە ئوراڕتییەکان نەخشێندراون ببەستین، هەرچەندە ئەم پشتێنەیان مێژووەکەی بۆ سەردەمێکی دواتر لە بەلاوات دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پ.ز. (Kellner,(1991),143). لە نووسراوەکانی خودی پاشا ئاشورییەکانیشدا هاتووە کە چەندین جۆر چەک و کەلوپەلی جەنگییان لە وڵاتی ئوراڕتو بە تاڵانی بردووەتەوە بۆ ئاشور، ئەوەتا ئاشورناسرپاڵی دووەم لە ساڵی ٨٨٢ پ.ز. دا، لە پاشایانی نائیری باجی ئەسپ و گالیسکەی وەرگرتووە (Curtis, (2012),428). هەروەها لە ساڵی ٨٥٦ی پ.ز، کاتێک شالمانیسەری سێیەم لە شەڕێکدا لە ناوچەیەکی شاخاوی لەگەڵ ئارامووی پاشای ئوراڕتو شەڕیکرد، و وەک خۆی دەڵێت سەرکەوت بەسەر ئوراڕتییەکاندا، گالیسکەکانی ئارامو و چەک و ئەسپی بە تاڵانی بردەوە لەگەڵ خۆی بۆ وڵاتی ئاشور، لە نووسینەکانیدا ئاماژە بە چەندین چەکی سوارە کراوە، ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکرایەکە ئوراڕتو وڵاتێکی گرنگی بەخێوکردنی ئەسپ بووە و سەرچاوەیەکی گرنگی ئەسپ بووە لە ناوچە شاخاوییەکاندا، لەوانەیە زۆرتر سوارچاکیان بەکارهێنابێت لەناو سوپادا، ئەمە جگە لەوەی کەگالیسکەی جەنگیان بەکارهێناوە (Dezső,2012,16) .

بەڵام توێژەران پێیانوایە کە لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێت کە هێزی سوارەی ئورارتو لە بنەڕەتدا نەیانویستووە باری خۆیان بە چەک و کەلوپەلی زیادە قورس بکەن، چونکە ئەوان جەنگاوەری ناوچە شاخاوییە سەختەکان بوون، وەک دیارە لە نەخشەکەی (بەلاوات) قەڵغانیشیان بەدەستەوەیە لە مەیدانی جەنگ، لە هەمان کاتدا تێبینییەکی گرنگ هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێبکەین، ئەویش دەرکەوتنی جەنگاوەرانی ئورارتو لەسەر قەڵایەکە، کە کەلوپەلی جەنگییان پێیە، پێکهاتووە لە تیروکەوان، رم و قەڵغان، کاتێک بەرگری لە شاری سوگونیا دەکەن، ئەمەش هەمان ئەو کەلوپەلە جەنگییانەیە کە لە پشتێنەکاندا دەردەکەوێت، هەر بۆیە نمایشکردنی ئەم جۆرە دیمەنانە لەلایەن هونەرمەندی ئاشوری، زیاتر بۆ مەبەستی دەرخستنی شکۆ و توانا و دەسەڵاتی هێزی سەربازی ئاشوری بەرانبەر نیشاندانی کەمتوانایی و بێهێزیی سوپای دوژمنەکەیان بووە (وێنەی ژمارە ٢ب).




وێنەی ژمارە ٢ب: دیمەنێکی هەڵکەندراو لەسەر دەروازە برۆنزییەکەی بەلاوات، سوپای ئاشوری هێرشێکی سەخت دەکەنە سەر شاری سوگونیای ئورارتی و ئەوانیش لە بەرگرییەکی سەختدان و بە تیر و رم شەڕ دەکەن و ئاشورییەکان زیادەڕەوییان کردووە لە نیشاندانی هێز و قەبارەی جەنگاوەرەکانیان، بە پێی ڕێسای لوتکە، مۆزەخانەی بەریتانی، وەرگیراوە لە: (King , 1915, pl.III, band. 1.3)

دیمەنی گالیسکە جەنگییەکان پانتاییەکی فراوانی لەخۆگرتووە، هەرچەندە پشتێنەکان بە کەژاوەی سەربازی زۆر دەگمەنن، زۆربەشیان پارچە پارچەن، ئەوەی ڕوونە تیایدا کە گالیسکە و سوارچاکەکان بەدوای یەکدا وێنەیان دەکێشرا، کە هەندێک جار ئاوێتەدەبوون لەگەڵ داری پیرۆز .(De Berstian, (2007), 31)

لە ڕیزی خوارەوەی نەخشەکە دیمەنی داری پیرۆز وێناکراوە، کە شێوەی وەک درەختەکانی نەخشی کڵاوە قوچەکییەکانی ئورارتییە، لەلایەک بە دوو(فریشتە)ی باڵدار دەورردراوە کە سەتڵیان بە دەستەوەیە، دەستەکەی تریشیان بەرزکردۆتەوە، لەلایەکی ترەوە بە دوو مرۆڤ کە هەمان شێوەیان وەرگرتووە لە نێوانیاندا دوو بوونەوەری ئەفسانەیی هەن، کە بوونەوەری لاشە شێر و خاوەن سەری مرۆڤ (ئەبولهۆل (sphinx)[١] دەچن (Kellner, (1991), 144).

لە ڕووکەشی دەرەوەی پشتێنک کە بە چوار ڕیز ڕازێندراوەتەوە، دیمەنی ڕێپێوانی ئەسپسوارەکان دەبینرێت، کە تیایدا هەردوو قاچی پێشەوەی ئەسپەکان بەرزبوونەتەوە لەسەر زەوی، دەم و چاوی سوارەکان لابەلایە (لەسەر تەنیشتە)، کڵاوی قوچەکییان لەسەرە و چاوێکی گەورەی شێوە بادام و لووت و لێوێکی باریکیان هەیە، چەکەکانیان هەروەکو چەکی سەرەکیی سوارەی ئورارتو پێکدێت لە سەبەتەی تیردانێک کە کۆتاییەکەی لەسەر شێوەی ئاژەڵێکە، یەک دوو ڕم و قەڵغان دەردەکەوێت (De Berstian,(2007), 26 ). (دەڕواندرێتە وێنەی (ژمارە ٣، أ-ب)).



ب أ

وێنەی ژمارە (٣-أ): لایەکی پشتێنێکی ئورارتو کە تیایدا أ: دیمەنی کاروانی سوارەی سەربازانی ئورارتو لەکاتی غاردانی ئەسپەکانیاندا. موزەخانەی ( Art and Archaeology زانکۆی Missouri وەرگیراوە لە : ( De Brestian, (2007), 27, fig.4).

ب: دیمەنی وردەکاری دوو ئەسپسوار بە چەکی جەنگەوە. (وەرگیراوە لە : De Brestian,(2007),27 fig. 5).

ئەسپ سوارەکان شەرواڵێکی خەتداریان لەبەرە، بە شێوەی خەتی ستوونی لەسەر ڕانیان شۆردەبێتەوە و خەتی ئاسۆییش لەسەر قولەپێیانە، شەرواڵەکانیان بە پشتێنێک بەستراوە کە بەشێوەی دوو هێڵ وێنەکراون (De Berstian,(2007),27) .

سەربازە پیادەکانیان هەمان کەلوپەلی جەنگیی هاوشێوەی سەربازە ئەسپ سوارەکانیان هەیە کە پێکهاتووە لە ڕم و قەڵغان، کڵاوی قوچەکیشیان لەسەرە، بەڵام جیاوازی لە جلوبەرگەکانیاندا دەبینرێت کە پێکهاتووە لە بەرگێکی درێژ تا خوار ئەژنۆ، و شەرواڵیان لە بەردا نییە ( De Berstian, (2007), 28).

ئەم جیاوازییە لە جلوبەرگی سەربازەکاندا ئاماژەیەکە کە تایبەتمەندییەک هەیە لە جلوبەرگدا لەنێوان سەربازەکان کە بۆ ئەسپسواری تەرخانکراون لەگەڵ پیادەکان بە ڕەچاوگرتنی گونجاوترین جل بۆ ئەسپسواری کە پێدەچێت پلەداربێت، هەر چەندە لە نەخشی تردا سەربازی پیادەش وادەردەکەوێت کە پانتۆڵی کورتی لەپێدابووە.

ئەگەر هاتوو ئێمە باسی دیمەنی ئەسپەکان بکەین دەبینین، کلکی ئەسپەکان وەک پرچ هۆنراونەتەوە و کۆتاییەکەی تەختە، هەروەها هەمیشە بە چەندین کەلوپەلی تایبەت بە ئەسپ وەک لغاو، تاجە گوڵینە ڕازاونەتەوە، ئەمانەش ئەو تایبەتمەندییانەن لە ئەسپی شاهانە و ئەسپی سەرکردە سەربازییەکان بەدیدەکرێن کە لە دیمەنە ئاشورییەکاندا دەبینرێن (De Berstian (2007),28).

## دیمەنی ڕاوشکاری سەربازانی ئورارتی:

لە گۆڕستانێکی شوێنەواری ئاڵتین تەپە (Altin-tepe) نووسراوێک دۆزراوەتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشای ئورارتو ئارگشتی دووەم Argisti II (٧١٤-٦٦٥پ.ز.) دەگەڕێتەوە، لەگەڵ پشتێنێک کە درێژییەکەی (٩٠سم) و (پانییەکەی ١٠سم) بە شێوەی قەدکراو لەناو کتیلەیەکدایە (Loon,1966,121). (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە (٤)).



وێنەی ژمارە (٤): لایەکی پشتێنێکی برۆنزی لە ئاڵتین-تەپە دۆزراوەتەوە کە دیمەنی سوارچاک و ئاژەڵی ئەفسانەیی لەسەرهەڵکەندراوە، وەرگیراوە لە ( Loon,1966, PL XXX).

پشتێنەکە ژمارەیەک دیمەنی لەسەر نەخشێندراوە لە سێ ڕیزی ئاسۆیی بازنەییدا بە ٤٥ یەکە ڕازێندراوەتەوە، دیمەنەکە بریتییە لە یەکەیەکی سەربازیی ئەسپسواری ئورارتو، کڵاو (خودە)یان لەسەرە، ڕمەکانیان بەرزکردۆتەوە لەگەڵ دیمەنی چەند ئاژەڵێک وەک بزنە کێوی، گا، ئەسپی باڵدار، شێر لەکاتی نەڕاندندا، گای باڵدار، شێری شاخدار (Loon ,1966, 121) .

جێگای سەرنجە کە هونەرمەندی ئورارتو لە زوربەی دیمەنەکاندا یەک ڕێبازی لە ڕازاندنەوەی دیمەنی ئاژەڵەکانیدا گرتووە، ئەویش ئەوەیە کە قاچەکانی پێشەوە لە زەوی بەرزبکاتەوە، وەک ئەوەی ئەوەندە خێرا غاردەدەن کە خەریکە دەفڕن، ئەم شێوازە لە نەخشکردنی ئەم ئاژەڵانە لەگەڵ نەبوونی قەڵغان بە دەست ئەسپسوارەکان کە تەنها ڕمێکیان پێیە پێشنیازی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەمە دیمەنی ڕاوی ئاژەڵی کێوی نیشانبدات (Azarpay ,1968,47).

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە کڵاوی ڕاوچییەکان وەکو کڵاوی سەربازەکان قوچەکییە، ئەمەش بەڵگەیە ئەو شێوە کڵاوانە تەنها لە کاتی جەنگدا بەکارنەهێندراون بەڵکو دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە سەربازەکان ڕۆڵی ڕاوچیشیان بینیوە، و هەمان جۆری چەکیان بەکارهێناوە لەکاتی ڕاوکردندا.

چوارچێوەی ئەم پشتێنە بە نەخشی شێوە پرچی لولپێچی بەیەکداهاتوو ڕازێندراوەتەوە کە لە دوو پەتی پێچراو یان زیاتر پێکهاتوون لە ناوەڕاستیدا ڕیزێک بازنەی بچووک هەن (Albenda,2005,101).

ئەم شێوازە لە وێنە کێشراوەکانی سەردەمی ئاشووری لە سەدەی ٩پ. ز. هەروەها لە هونەری نەخشەکانی سەر ڕووی عاجە نەخشێندراوەکان وەک دابەشکەر یان ڕازاندنەوە و چوارچێوەی دیمەنەکان بەکارهێنراون (Albenda,2005,104). هونەرمەندانی ئورارتو ئەم ڕازاندنەوەیان وەک توخمێکی گرنگ لە کارەکەیاندا بەکارهێناوە لە نەخشی سەر کارە هونەرییەکانیاندا وەک لە پشتێنەکاندا دیارە.

نموونەیەکی تر، لەسەر پشتێنێک کە بە دیمەنی سوارچاک و گالیسکە ڕازێندراوەتەوە لەگەڵ وێنەی شێر و گوڵ، دیسان هەمان نەخشی شێوە پرچی لولپێچی بەیەکداهاتوو دەبینین کە بۆ دیاریکردنی سنووری سەرەوەی پارچەکەیە بەکارهاتووە (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە(٥). دیزاینی شێوەی شێرەکان هەمان دیمەنی شێرمان بیردەخاتەوە کە لەسەر قاڵغانە ئورارتوییەکەی ئەنزاف نەخشێندراون، کە ناوی هەردوو پاشای ئورارتو ئیشپوینی(Išpuini) و مینوا(Minua) ی لەسەرە ,(Kroll, et al.,(2012) (Seidl 2004 :85, Abb. 48) دەڕواندرێتە (30




وێنەی ژمارە ( ٥): پارچەیەک لە پشتێنێکی برۆنزی، دیمەنی سوارەی ئورارتو نیشاندەدات کە بە گالیسکەکانیانەوە سەرقاڵی ڕاوەشێرن، وەرگیراوە لە: Seidl, (2004, TAF. 50,C).

شایانی باسە تارونتسی (Tarontsi) پێی وایە "شێر یەکێک بووە لە ئاژەڵە پیرۆزەکانی شانشینی ئورارتو، وەک پاشای دڕەندەکان دەپەرسترا" (Tarontsi, (2017), 134).بە پێچەوانەوە توێژەر هاوڕانییە لەگەڵ تارونتسی، چونکە لە وڵاتی ئورارتو، لە ناوچەکانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیاش بەهیچ شێوەیەک هیچ ئاژەڵێک نەپەرستراوە، بەڵکو وەک هێمای خواوەندەکان لە هێز و توانای ئەو ئاژەڵانەیان ڕوانیوە هەروەها وەک لە زۆربەی کۆمەڵگا کۆنەکاندا ئاژەڵە ماڵی و کێوییەکان وەک هێمای ئاینی گرنگ بوون (Kendall,1977,40). شێرەکان بە زۆری لە ئورارتو و ئەنادۆڵ و زاگرۆس و خۆرهەڵاتی نزیک دەژیان، لە وانەشە لەلایەن پاشاو پیاو ماقوڵانەوە ڕاوکرابن یان لە باخەکانیاندا ماڵیکرابن (Tarontsi,(2017),134)، لەوانەشە وەک ئاشوربانیبال(٦٦٨-٦٢٧ پ-ز) پاشای ئاشوری، ئەمانیش شێرەکانیان ڕاوکردبێت و وەک قوربانی پێشکەشی پەرستگایانکردبێت (Black&Green,2008,33). دەشکرێت ڕاوی شێر وەک وەرزشێکی شاهانەی بووبێت (بارو،١٩٨٠،٧٠).

بەهۆی ئەوەی نەخشی ئاژەڵی شێر یەکێک بوو لە ڕەگەزە بەربڵاوەکانی نەخشی ئورارتو، بۆیە زیاتر لە ئاژەڵەکانی تر لە نەخشی سەر پشتێنەکان دەبیندرێت (Tarontsi, (2017),134)

ئەمە جگە لەوەی شێر وەک هێمایەکی شاهانەی ئورارتو بە زۆری لەسەر چەک و کەلوپەلە سەربازییەکان وێنا دەکرا، لە دوای شێر، گا دووەم ئاژەڵی پیرۆز بووە لای ئورارتییەکان و لەسەر پشتێنی برۆنزی ئورارتو وێنەکەی نەخشێندراوە (Tarontsi ,(2017),134)

لەسەر پشتێنێکی شوێنەواری زێویە نموونەی ئەم ئاژەڵە دەبیندرێت، هاوشێوەی نەخشی گاکانی هونەری ئورارتویە کە لە سەرکەلوپەلی ئەسپ کە نووسینی سەردەمی پاشا مینوا لەسەرە هەروەها لە نەخشێکی ناوەڕاستی خەپلەی گالیسکەی سەردەمی پاشا ئیشپوینی و قەڵغانی کارمیر-بلور کە نووسینی پاشا ئارگشتی یەکەمی لەسەرە، بەبەراوردکردن بەم پشتێنەی زێویە بە کەلوپولی جەنگاوەر و ڕاوچییەکان دەژمێردرێت کە بۆ سەدەی ( ٨-٧ پ.ز.) دەگەڕێتەوە (Nobari, et al., (2015),191) (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە (٦)).



وێنەی ژمارە(٦): بەشێک لە پشتێینێکی برۆنزی زێویە، دیمەنی گامێش و ئەسپی لەسەرە

(Nobari, et al.,(2015), 189, fig.3):وەرگیراوە لە

لە نمونەیەکی تردا، لەسەر پشتێنێکی برۆنزی دیمەنی ڕاوی شێر بە ڕم لەلایەن ڕاوچییەکی ئەسپسوارەوە نیشاندەدات، لەنێوانیاندا خۆری باڵداردەبیندرێت، لەلایەکی تری پشتێنەکە دیمەنی ڕاو بە کەرەستەی تیروکەوان دەبیندرێت، بەپێی بۆچوونی کیلنێر (Kellner) ئەم جۆرە شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٧٠٠ پ.ز.)، کە تیایدا خۆری باڵدار و دوو بابەتی نەخش دەبیندرێت (150: (1991) Kellner) (دەڕواندرێتە: وێنەی ژمارە (٧).



وێنەی ژمارە (٧): پشتێنێکی برۆنزی دوو دیمەنی ڕاوی تیا دەبیندرێت لە لای ڕاست بە نێزە، و لەلای چەپ بە تیروکەوان ڕاودەکات، مۆزەخانەی لوڤەر، وەرگیراوە لە( Kellner, (1991),151 fig.10).

لە سەر پارچە پشتێنێکی کانزایی کە لە مۆزەخانەی دیاربەکر(ئامەد) پارێزراوە نەخشی دیمەنێکی ڕاو نەخشێندراوە، تابلۆکە دەکەوێتە لای ڕاستی پشتێنەکە، بریتییە لە ڕاوە شێر کە تیایدا کەسایەتییەک ڕۆڵی

ڕاوچییەک دەبینێت و ڕمێک بە سکی شێرەکەدا دەچەقێنێت، لە بەرانبەریدا کەسێکی  باڵدار ڕمێک بە لاملی شێرەکەدا دەکات، و لە سەرووویانەوە وێنەی دوو داڵ هەن لەلای چەپیشەوە وێنەی داری پیرۆز نەخشێنراوە (دەڕواندرێتە: وێنەی ژمارە (٨)) (Çavuşoğlu, (2003), 21).



وێنەی ژمارە(٨): پشتێنێکی برۆنزی لە مۆزەخانەی دیاربەکر، دیمەنێکی ڕاوکردنی شێری لەسەرە.

(وەرگیراوە لە:(Çavuşoğlu ,(2003),  23, fig. 3)

ڕاوچییەکە کڵاویکی قوچەکی لەسەرە هەروەکو سەربازەکانی ئورارتو کە لە نەخشەکانی پێشوودا دیارە، ڕیش و سمێڵی نییە، کراسێکی قۆڵکورتی تا ئەژنۆی لەبەردایە، تورەکەی تیردانی لەشاندایە، کەسە باڵدارەکە گەورەتر وێنەکراوە و کراسێکی کورتی پەڕپەڕەدار و چاکەتێکی لەبەردایە کە بە بازنەی بچووک ڕازێنراوەتەوە، کڵاوێکی قوچەکی لەسەرە لەوانەیە خواوەند یان کەسایەتییەکی ئەفسانەیی بێت لەبەرئەوەی کڵاوەکەی شاخدارە (Çavuşoğlu, (2003), 22).

هەروەها لە نەخشی جۆراوجۆری تایبەت بە سەردەمی ئاشوری نوێ نموونەی هاوشێوەی شێرێکی ئەشکەنجەدراو و بریندار دەبینین، کە سەر و چەپۆکی چەپی لە حاڵەتی ئاوڕدانەوەدایە ئەم دیمەنە ئاشوورییە لە


نەینەوا لە ناوەڕاستی سەدەی ٧پ.ز. نەخشێندراوە ,Çavuşoğlu)
(2003),24)) پاشاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەم جۆرە ڕاوانە بینیوە، لە هونەری ئاشوریی نوێ، بە تایبەت لە کۆشکەکان (دەڕواندرێتە (بارو،١٩٨٠،٧٤،شکل ٦٥).

جێی سەرنجە دیمەنی باڵندەی نێچیر کە لە داڵ دەچێت، چەندین جار دووبارە بۆتەوە بە تایبەت لەو نەخشانەی کە دیمەنی مەیدانەکانی جەنگ یاخود ڕاو نیشاندەدەن، وەک دیمەنەکەی پێشووترمان، هەر وەک ئەوە وابێت کە ئەو باڵندانە لە ئەرکێک بن، ئەویش بەدەستهێنانی سەر و لاشەی دوژمنە، ئەم دیمەنانە گوزارشت لە چارەنووسی دوژمنانی شکستخواردوو دەکەن، کە لەلایەن ئورارتییەکان بایەخێکی گرنگی پێدراوەو ڕەنگدانەوەی لە هونەرەکەیان لێکەوتووەتەوە. هەروەها دەربڕینی سروشتی داڵە کە لە کۆتایی شەڕەکان یان ڕاودا بە ئاسمانی ئەو شوێنەدا دەسوڕایەوە و بۆ ئەوەی کەلاکەکان بخوات.

سەبارەت بەو دارە پیرۆزەی کە لە نەخشی ئەم پشتێنە دەبینرێت، وەک دیارە کە لە قەدێک پێکهاتووە لقەکانی بۆ سەرەوە کۆتاییدێت بە شێوەی خونچە و پەلک و گەڵای خورما (palmetto) کە ئەمەش جیاوازە لەگەڵ شێوە دارەکەی کە لە نەخشەکانی پێشووی سەر پشتێنەکان دەرکەوتووە، بێجگە لەوەش لە لای چەپ نەخشکراوە پێچەوانەی پشتێنەکانی تر کە لە ڕاستەوەیە.(21, (Çavuşoğlu (2003) .

لە شریتێکی برۆنزی کە لە شوێنەواری نور-ئارێش (Nor-aresh ) دۆزراوەتەوە لە نزیک ئارین –بێرد ( Arin-berd )، دیمەنی ڕاوکردنی شێر و گا لەلایەن سوارەکان لەسەر ئەسپ و گالیسکە دەبینرێن، شێوازی نەخشی هونەری شێرەکان و درەختی پیرۆز لە هونەری سەردەمی پاشا ئارگشتی یەکەم (Argishti I) و ساردوری دووەم (Sarduri II) دەچێت (Azarpay 1968, 47). لە هەر لایەکییەوە ئاژەڵی ئەفسانەیی هەڵۆی لاشە

شێر (Griffin) دەبیندرێن کە ئاژەڵێکی ئەفسانەییە نموونەی لێ دۆزراوەتەوە لە تۆپراک-قەڵا (Toprak –kale) ( Aparzay 1968,169, fig. 54) (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە(٩)).



وێنەی ژمارە(٩): چەند پارچەیەک لە پشتێنکی برۆنزی لە شوێنەوار (وەرگیراوە لە:  (Seidl, 2004,  152, Abb.106).

لەم دیمەنی ڕاوەدا، سوارچاکی گالیسکەکان دوو جۆر چەکیان بەکارهێناوە، یەکێکیان ڕمە ئەوی تریان تیرە، لەحاڵەتی ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، ئەمەش لێهاتوویی لە بەکارهێنانی چەک لە ڕاوکردندا نیشاندەدات کە دەبینین ڕم و تیرەکانیان گرتووەتە جەستەی ئاژەڵەکانەوە و تێی چەقیوە، ئەوەی جێی سەرنجە لەم دیمەنەدا کاریگەری هونەری ئاشوری زاڵە، کە تیایدا لە دیمەنێکی نەخشی سەردیواری کۆشکی ئاشورناسرپاڵی

دووەم لە شاری کەلخو دیمەنی ڕاوکردن لە سەر گالیسکەکەی بە تیر ڕاوی شێر دەکات (بارو، ١٩٨٠،شكل٦٤).

ڕاستە ئەم دیمەنانە گوزارشت لە دیمەنێکی دوور لە سروشتی (ناواقعی) و زیادەڕەویکراو لە وێناکردندا لە مەیدانی جەنگ دەکەن، بەڵام هەستدەکەین سوارچاک و ڕاوچییەکان کەرەستەکانیان وەک یەکن، یاخود هەر هەمان کەرەستەیە، لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە چالاکیی ڕاوکردن گرنگییەکی تایبەتی هەبووە، بێجگە لەوەی کە وەک خولیا بووبێت، بە بۆچوونی بارو "**باشترین ڕاهێنان بووە بۆ مەیدانی جەنگ**" (بارو،١٩٨٠،٧٠).

## ئەنجامەکان

پشتێنە برۆنزییەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ مەبەستێکی سەربازی و پاراستن بەکارهێندراون، ئەمە جگە لەوەی وەک ڕازاندنەوە و جوانیش ڕۆڵی خۆیان بینیوە.

١. پشتێنەکان پان بوون و بەشێکی گەورە لە ناوقەدیان دادەپۆشی، قەراغی پشتێنەکان کونیان تێدایە، ئەو کونانە بۆ بەستنەوە و جێگیرکردنی لباد یان چەرم بوون بۆ ئەوەی سکی جەنگاوەرەکە بپارێزرێت، و هەم لە ڕەقیی مادە کانزاییەکەی پشتێنەکە، و هەم لە گەرما و سەرمای پشتێنە برۆنزییەکە، چونکە بە پێی گۆڕانی وەرزەکان کانزا زووتر سەرما و گەرما وەردەگرێت.

٢. پشتێنەکان زۆربەیان بە دیمەنی جۆراوجۆر ڕازێندراونەتەوە، و دیمەنەکان هەڵکەندراون لەسەر ڕووی پشتێنەکان، سەرەڕای ئەوەی پشتێنەکان بە کاروانی سەربازی دەگمەنن، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک لەو پشتێنانەدا دیمەنی سەربازی  پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، ئەمە جگە لەوەی بەشێک لە دیمەنەکان جەنگاوەری ڕاوچی نیشاندەدەن کە بە ئەسپ یان ئەسپ و گالیسکە و ڕم و تیروکەوان و نێزەوە سەرقاڵی ڕاوکردنن. دیمەنەکانی ڕاوکردن بە زۆری ڕاوی شێر و گامێش و ئاژەڵی ئەفسانەیی نیشاندەدەن.

٣. لەو دیمەنانەی لەسەر پشتێنەکانی ئورارتو، کە بە شێوەیەکی سەرەکی دیمەنە سەربازییەکان و چەکەکان نیشاندەدەن، هاوکارە بۆ دەستنیشانکردنی سوپای ئورارتو لە کەلوپەلی سەربازی لە چەکی هەمە جۆرو و ئەسپ وعەرەبانە تەنانەت شێوازی کڵاوو جلوبەرگیان.

٤. به بەراوردكردنی ئەو دیمەنانەی كە لەسەر پشێینەكان هەڵكەندراون، لەگەڵ دیمەنی تری سەر كەلوپەلە جەنگییەكان، بە تایبەت ئەوانەی نووسینی مێخییان لەسەرە، دەتوانرێت سەردەمەكەیان دەستنیشانبكرێت، ئەمەش بۆ ناسینەوەی تەكنیكی هەندێ لە و كەلوپەلانە گونجاوە لەوانەش عەرەبانە جەنگییەكان، كڵاوە جەنگییەكان.

٥. دیاریكردنی هەندێك گۆڕانكاری لە شێوازی هەندێك لە توخمە هونەرییەكان كە ئاوێتە بوون لەگەڵ دیمەنە سەربازییەكان وەك داری پیرۆز كە بە چەند شێوەیەك دەركەوت لە سەردەمە جیاوازەكان و كاریگەریی هونەری ئاشوری لەسەریان بەدیدەكرێت.

٦. دەركەوتنی زۆرێك لە ئاژەڵە ئەفسانەییەكان لە نەخشەكانی سەر پشتێنەكاندا كە تیایدا لە هونەری ئوراڕتو كاریگەریی هونەری پێشووتر و هاوسەردەمی گەلانی تری دراوسێی لەسەر دەبیندرێت بە تایبەت هونەری ئاشوری و زاگرۆسی و كەمێكیش هونەری ئەنادۆڵی (بەتایبەت هونەری حیتتییەكان).

## پەراوێزەکان

١ بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوە دەسەلمێنێن کە پشتێنی کانزایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی کۆنتر لە سەردەمی پشتێنە بڕۆنزییەکانی ئورارتی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، دۆزراوەکان ئەوە دەخەنەڕووکە سەرەتایان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین بۆسەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەی دووەمی سومەری بۆ گۆڕستانی ئو، بۆ زیاتر دەڕواندرێتە: (Rubinson, (2012), 392).

٢ بە بۆچوونی لوون " **تێکەڵکردنی لاشەی ئاژەڵی جیاواز لەلایەن هونەرمەندی ئورارتی، تایبەتمەندییەکە لە سوریاوە هاتووە، چونکە لە میسرەوە (ئەبو لهول –دیسکی باڵدار) لە ڕێی سوریاوە هاتنە ڕۆژئاوای ئاسیا، هەروەها ئەم توخمانە لە سوریا ولای حیتتییەکانیش باوبوون"** (Loon,1966,174). بەڵام لە ڕاستیدا دەکرێت ئەمە لەڕێگەی کاریگەری هونەری خورری و میتانییەکانەوە بووبێت، هەم لەبەرئەوەی خوررییەکان لەگەڵ ئورارتییەکان یەک بنەچەیان هەبوو، هەروەها بەشێک لە خاکی ئیمپڕاتۆرییەتی میتانی بە میراتی بۆ ئورارتییەکان مایەوە.

٣ جێی ئاماژەیە، ئەمە تا ئێستا کۆنترین دیمەنی دەرکەوتنی شەڕواڵە، و پێش شەڕواڵی میدییەکانە. (توێژەران).

## لیستی سەرچاوەكان

### سەرچاوە عەرەبییەكان:


- بارو، اندريه، ١٩٨٠، بلاد اشور، ترجمة:عيسى سلمان و سليم طه التكريتي، دار الحرية، بغداد.
- عقراوي,عماد شاكر احمد,٢٠١٥,مملكةاورارتو(٨٨٠-٧١٤ق.م) دراسة تاريخية حضارية, دمشق


### سەرچاوە بیانییەكان:


- Azarpay, Guitty, 1968. *Urartian Art and Artifacts: A Chronological Study,* UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS BERKELEY AND LOS ANGELES.
- Albenda, Pauline, 2005. *ORNAMENTAL WALL PAINTING IN THE ART OF THE ASSYRIAN EMPIRE*, (eds.) Abusch.T., et al., CUNEIFORM MONOGRAPHS 28 BRILL,BOSTON.
- Black, Jeremy & Green, Anthony, 2008. *Gods, Demons and Symbols of Ancient Mesopotamia* ,5th edition,BRITISH.
- .Barnett, R. D., 1982. *"*Urartu*", CAH,* Vol 3.1 New York, chpt 8, pp. 314-371.
- Curtis, John, (2012). "Assyrian and Urartian Metalwork: independence or interdependence?," (eds.) Kroll,S., et al., *BIAINILI-URARTU*, THE PROCEEDINGS OF THE SYMPOSIUM HELD IN MUNICH 12-14 OCTOBER (2007), pp. 427-443.
- Collon, Dominique, (1993). "Reviewed Work(s): Gürtelbleche aus Urartu by Hans-Jörg Kellner*".Bulletin of the School of*

*Oriental and African Studies, University of London*, Vol. 56, No. 1, pp. 125-127.

- Collins, Paul, 2015. *ASSYRIANS PALACE SCULPTURES*, British Museum.

- Çavuşoğlu, Rafet, (2003). "A FRAGMENTARY URARTIAN BELT IN THE DIYARBAKR MUSEUM*", STUDI MICENEI ED EGEO-ANATOLICI*, XLV, ROMA.

- Çavuşoğlu, Rafet, 2014. *URARTU KEMELER BELTS*, RHM.

- Gökce, Bilcan, Işık, Kenan& Değirmencioğlu, Hatice,(2013). " ON URARTIAN CHARIOTS",(eds.) Veldmeijer, André J., Ikram, Salima, *CHASING CHARIOT, proceedings of the first international chariot conference (cairo 2012)*

- De Berstian, Scott, ((2007). "Horsemen in Bronze: A belt from Urartu",*MVSE*, Vols. 39,40,41, pp.23-43.

- Dező, Tamás, 2012. *THE ASSYRIAN ARMY, I. THE STRUCTURE OF THE NEO-ASSYRIAN ARMY,2. Cavalry and Chariotry*, Budapest.

- Kellner, Hans, J., (1991). "GRUPING AND DATING OF BRONZE BELT*,"* (ed.), Merhav ,Rivka, *Urartu METELWORKING CENTER IN THE FIRST MILLINNUM BCE* pp.142-161.

- Kendall, Timothy, (1977). "Urartian Art in Boston: Two Bronze Belts and a Mirror*"* , *Boston Museum Bulletin*, Vol. 75, Boston, pp. 26-55.

- King, L.W. 1915. *Bronze Reliefs from the Gates of Shalmaneser*, London.

- Kroll,S.,et al.,(2012).“Introduction,”(eds.) Kroll.S.,et al.,*BIAINILI-URARTU*,THE PROCEEDINGS OF THE SYMPOSIUM HELD IN MUNICH 12-14 OCTOBER (2007), pp.1-38.

- Loon, Maurits van, 1966. *Urartian Art*, Leiden.


- Marf, Dlshad A., (2015).“Re-Identifying the Ḫiptunu Town and Andaruttu Mountain”, *Akkadica* 136,pp.127-140.

- Nobari, Alireza Hejebri, et al., (2015). “A Chronological Overview of Some Ziwiye Belts*”*, *Sociology and Anthropology* 3(3):pp. 186-192.

- Rubinosn, Karen,(2012). “Urartian(?) belts and some antecedents*”*, (eds.) Kroll ,S.,et al., *BIAINILI-URARTU*, THE PROCEEDINGS OF THE SYMPOSIUM HELD IN MUNICH 12-14 OCTOBER (2007), pp .391-396.

- Seidl, Ursula, 2004. *BRONZEKUNST URARTUS*, Verlag Philipp von Zabern, Mainz am Rhein.

- Tarontsi, Saak, (2014). “Sacred Animals and Fantastic Creatures of Urartian Belts – Mythological Reflections of Urartian Civilization*”, ULUSLARARASI AMİSOS DERGİSİ,* Vol. 2 pp. 127-145.




نەخشەی ژمارە (١) شانشینی ئورارتی و فراوانبوونی، بە دەستکارییەوە، وەرگیراوە لە :

(2013),107,fig.1)، Değirmencioğlu&Gökce, Işık(

**The military scenes on the Urartian bronze belts**

**(9th to the early of the 6th century BC)**


**Abstract**

The Urartians controlled the vast area around Van, Sivan and Urmia lakes during 9th to the early of the 6th hundred BC. They were able to extend their small kingdom to a vast empire and became a great opponent of the Assyrian Empire. This strong state relied on a strong military, strong fortifications, and specific military equipment.

The paper deals with the metal belts that were used by the Urartian military leaders, soldiers, hunters and the men and women of Urartu as a protector and as well as an ornament over their clothes.

The Urartian metal belts were mainly made with bronze, they are wide builts, and they were carved and incised with different scenes, but mainly with military scenes. In this paper we analysed the carved scenes on these metal belts, the military scenes, calvaries, chariots, weapons and we compared these scenes with similar sciences with similar scenes on the Near Eastern arts.



Keywords: Urartian Weapons, Belt, Bronze, Military Scenes.

**المشاهد العسكرية على الأحزمة البرونزية الأورارتية**

**(القرن التاسع إلى أوائل القرن السادس قبل الميلاد)**

**ملخص**

سيطرالأورارتيون على المناطق الشاسعة حول بحيرات وان و سيفان و اورميا، خلال الفترة من القرن التاسع إلى بداية القرن السادس قبل الميلاد، وقد استطاع الاورارتيون من توسيع مملكتهم الصغيرة إلى إمبراطورية شاسعة الى ان اصبحت اقوى منافس للإمبراطورية الآشورية الحديثة، معتمدة على جيش على قوي وتحصينات قوية ومعدات عسكرية مختلفة.

هذا البحث يلقي الضوء على الأحزمة المعدنية التي استخدمها القادة العسكريون الأورارتيون والجنود والصيادون ورجال ونساء أورارتو للحماية وكذلك كزينة على ملابسهم. صُنعت الأحزمة المعدنية الأورارتية بشكل أساسي من البرونز، وهي عبارة عن أحزمة عريضة ، نقش عليها مشاهد مختلفة ، بما في ذلك المشاهد العسكرية. حللنا في هذه الورقة المشاهد المنقوشة على الأحزمة البرونزية والتي تشمل المشاهد العسكرية بما فيها الفرسان المركبات والأسلحة وقارننا هذه المشاهد بالفنون المماثلة في الشرق الأدنى.

الكلمات المفتاحية: الجيش الاورارتي، الاحزمة البرونزية، مشاهد عسكرية، الاسلحة.